# روون کردنەوەیەک لە لایەن دەبیرخانەی کومیتەی ناوەندی کومەڵەوە

"سکرتاریەتی ڕێکخراوی شورشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران" لە ڕێکەوتی 8ی بەفرانباری 1383دا راگەیاندنێکی دەرکردووە و بە بیانوی ئەوەی کە گۆیا ناێهەوی ئەندامانی ڕێکخراوەکەی ئەوان پیٚ بنێنە ناو دیالوگی شەخسی و ناسیاسییەوە، خۆی لە دەقێکی کورت دا هەر بەو زمانە دواوە کە بە ناو رەخنەی لیٚ گرتووە. دوا بە دوای ئەم راگەیاندنەش بە کردەوە لە سەر توری ئەنتێرنێت هەر ئەو رەوشتەیان درێژە پیٚ داوە و نیشانیان داوە کە لەو بوارەدا گەلێك شارەزان و بە پیچەوانەوە ڕێك ئەوە ئەوانن کە دەیانهەویٚ هاندەری دیالوگێك بن کە تێیدا سەرپوش لە سەر ناکوکی و جیاوازیە واقیێعییە سیاسییەکان دابندریٚ.

ئیمە لە رێگای ئەم راگەیاندنەوە داوا لە هەموو هاوریٚیانمان دەکەین کە پیٚ نەنێنە ناو ئەو مەیدانەوە. رەخنەی سیاسی ئێمە لە ڕێباز و هەلوێست و بەرنامە و کردەوەی ئەم ڕێکخراوەیە لە ئورگانە رەسمییەکانی کومەلە و حیزبی کومونیستی ئێراندا زمانێکی سیاسی جێکەوتوی هەیە کە پێویستە هەر ئەم شێوەیە پەیرەو بکریٚ.

**دەبیرخانەی کومیتەی ناوەندی کومەلە**

1383/10/20